پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەلیمەی پێشکەشکرد پاش (هاوسەرگیری لەگەڵ) یەکێک لە خێزانەکانی بە دوو مود لە جۆ

لە سەفیەی کچی شەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەلیمەی* پێشکەشکرد پاش (هاوسەرگیری لەگەڵ) یەکێک لە خێزانەکانی بە دوو مود** لە جۆ». *(وەلیمە: ئەو خواردنەیە (بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت)، *(مود: مود چارەکێکی صاعە، دوو مود نزیکەی 1500 گرام دەکات
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوسەرگیری کرد لەگەڵ یەکێک لە دایکانی ئیمانداران، و وەلیمەی* پێشکەشکرد بەهۆی ئەم هاوسەرگیریەوە وخەڵکی داوەتکرد، وەلیمەکە بریتی بوو لە لێنانی دوو مود** لە جۆ؛ جگە لەمە هیچی تری نەبوو پێشکەشی بکات بۆ ئەم داوەتیکردنە، لەگەڵ کەمی ئەوەی لە نێو دەستیدا بوو -صلى الله عليه وسلم-؛ بەڵام وازی نەهێنا لەم سونەتە -وەلیمە- وپشتگوێی نەخست ئەگەرچیش حاڵ وگوزرەرانی ناڕەحەت بوو -صلى الله عليه وسلم-، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وەلیمە ئامادەکردن دروستە ئەگەر بە کەمتر لە سەرپرینی پەزێک بێت، وئەوەی لەبەردەستدایە لە خواردن دەکرێت ببێتە وەلیمە؛ چونکە ئامادەکردنی وەلیمە بە پێی توانای مرۆڤە. *(وەلیمە: ئەو خواردنەیە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت)، *(مود: مود چارەکێکی صاعە، دوو مود نزیکەی 1500 گرام دەکات)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58116